# سەروەری شەریعەت لە ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]


دکتۆر کەریم ئەحمەد

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# سيادة الشريعة في الإسلام

« باللغة الكردية »

الدكتور عبد الكريم أحمد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# سەرووەری شەریعەت لە ئیسلامدا

ڕەنگە ئەم بابەتە بەم ناونیشانە زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابێت لەبەر ئەوەی لە ڕووی زاراوەوە شتێکی تازەیەو خەڵکی وادەزانن یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی مۆدێرنە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕووی بەرپاکردن و پراکتیزەکردنەوە کۆنە، بەتایبەت لە مێژووی ئیسلامدا زۆر بە زەقی بەدی دەکرێت، بەتایبەتتر لە سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وخەلیفەکانیدا (خوایان لێ ڕازی بێت)، بە ڕادەیەکە دەتوانین بڵێین یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حوکمی ئیسلامی لەو دوو سەردەمەدا سەرووەری شەریعەت ویاساکانی بووە، بەڵام نەك بەناوی سەرووەری یاساوە بەڵکو بەناوی سەرووەری شەریعەوە کە حاکم و مەحکوم وەکو یەك ملکەچی فەرمانەکانی بوون، ئەمیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئیسلام، چونکە سەرچاوەی تەشریع لە ئیسلامدا خوایە نەك مرۆڤ و هەموو

مرۆڤەکان وەکو یەکن بەرامبەری، تەنانەت پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) کە گەیەنەری پەیامەکەیە، ملکەچی یاساکانی شەریعەت بووە، ئەوەتا خوای گەورە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت :﴿ وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ ﴾ [المائدة : ٤٩] واتە: بەو شەریعەتەی خوا دایبەزاندووە حوکم بکە لە نێوانیاندا و شوێنی هەواو ئارەزووی ئەوان مەکەوەو وریا بە لاتنەدەن لەهەندێك لەوانەی خوا بۆی دابەزاندووی.

﴿ وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ [المائدة: ٤٢ ] واتە: ئەگەر حوکمت کرد ئەوا بەدادپەروەری حوکم بکە لەنێوانیاندا، خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا ﴾ [النساء: ١٠٥] واتە : ئێمە ئەم کتێبەمان بە ڕەوایی بۆت دابەزاندووە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە حوکم بکەیت

لە نێوانیاندا کە خوا دەیەوێت و بەرگری لە درۆزن و خیانەتکاران نەکەیت.

لە ڕاستیدا لەکاتێکدا موسوڵمانان پەیڕەوییان لە بنەمای سەروەری یاسا دەکرد مرۆڤایەتی لەخەونی نەفامی وزۆنکاوی ستەم وپەرستنی پاشاو فەرمانڕەواکانیاندا بوون، نەك هەر ئەوانەی کۆن بەڵکو ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر وخەلیفە ڕاشیدەکان وتاماوەیەکی کەمیش لەمەوبەر لە سەرتاسەری جیهاندا پاشاو کاربەدەستەکان نەك هەر لە سەرووی یاساوە بوون بەڵکو لە زۆر شوێندا پاشاکان وەکو خوا تەماشا دەکران، بۆ نموونە لە ژاپۆن و چیندا تا ئەم دواییە ئیمپراتۆر وەکو خوا تەماشا دەکرا، لەو کاتەش کە ئیسلام هات فارسەکان وایاندەزانی ڕۆحێکی خوایی لە پاشاکانیاندا هەیە وکەس بۆی نەبوو بچووکترین ناڕەزایی دەربڕێ بەرامبەریان، دەوڵەتی ڕۆمیش بەهەمان شێوە ئیمپراتۆر بەلایانەوە قەداسەتی هەبوو وکەس بۆی نەبوو ڕەخنە لەهیچ شتێکی بگرێت، بەڵام کاتێك

ئیسلام هات عەقڵ وهۆشی خەڵکی کردەوەو فێری کردن چۆن بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، یا چۆن داوای مافی خۆیان بکەن وسکاڵا لای قازی تەنانەت لەسەر خودی خەلیفەش تۆمار بکەن، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش تەنها چەند نموونەیەك لەسەردەمی پێغەمبەر وخەلیفەڕاشیدەکان دەهێنینەوە وما باقییەکەی دەهێڵینەوە بۆ کەسانێك بیانەوێت توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکەن، چونکە مێژووی ئیسلام پڕە لە سەدان وبگرە هەزارەها نموونە لە سەر پابەندی موسوڵمانان بە حاکم ومەحکومەوە بەبڕیارەکانی شەریعەوە وسەربەخۆیی دادگا لەزۆربەی سەردەمەکاندا یەکێك بووە لە دیاردە زەقەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی.

جارێکیان ئافرەتێکیان لە هۆزی مەخزوم( المخزومیة) کە هۆزێکی ناودارە هێنایە لای پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بە تاوانی دزی ، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بڕیاریدا دەستی ببڕێت کەسوکارەکەی لەملاولەولا واستەیان بۆکرد

بەڵكو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەو سزایەی لەسەر ئەنجام نەدات، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تورە بوو وفەرمووی : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکردایە دەستیم دەبڕی، ئەوانەی پێش ئێوە بەوە لەناوچوون ئەگەر کەسێکی ناودارو خاوەن کەسوکار دزی بکردایە وازیان لێدەهێناو کەسێکی لاوازو بێکەس دزی بکردایە سزایان دەدا! « إنّما أهْلكَ مَنْ كانَ قَبْلَكُم أنّهُ إذا سَرَقَ فيهِمُ الشّريفُ تَرَكُوهُ وإذا سَرَقَ فيهِمُ الضعيفُ أقامُوا عَليهِ الحَدّ » .

جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پێی وت ئەی پێغەمبەری خوا فڵانە پیاوم بەسەر ژنەکەمەوە بینی ئایا بۆم هەیە بیانکوژم؟ پێغەمبەر فەرمووی یادەبێ چوار شایەت بێنی لەسەر قسەکەت یان داری حەددی بوختانت لێدەدرێت (کە هەشتا جەڵدەیە)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا کێ هەیە بتوانێت چوارکەس کۆبکاتەوە بۆ شایەتیدان لەسەر خێزانی ؟ فەرمووی کەواتە دەبێ داری

حەددت لێبدرێت ، هەرلەوێدا ئەو ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێت ﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ * وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ * وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ ﴾ [ النور/٦-٩ ] واتە: گەر کەسێك ژنەکەی تاوانبارکرد بەوەی کە زینای کردووە و چوار شایەتی نەهێنا دەبێ چوارجار خوا بەشایەت بگرێت کە ڕاست دەکات و پێنجەم جار بڵێت: بەر نەفرەتی خوا کەوم ئگەر درۆ بکەم، ژنەکەش سزاکەی لەسەر لادەبرێت ئەگەر چوارجار خوا بە شایەت بگرێت کە مێردەکەی درۆ دەکات و پێنجەم جار بڵێت : بەر خەشم و قینی خواکەوم ئەگەر مێردەکەم ڕاست بکات، بەو شێوەیە ژنەکە سزای لەسەر لادەبرێت بەڵام ئیتر بۆ یەکجاری لەیەك جیا دەکرێنەوە.

دوایی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەڵکانێکی ڕاسپارد چاودێری ئەو ژنە بکەن بزانن ئەو منداڵەی دەیبێت لە باوکی

دەچێت یا لەو پیاوەی کە تۆمەتەکەی خراوەتە پاڵ کە پیاوێکی جوولەکە بوو ! کاتێك ژنەکە منداڵی بوو دەبینن ڕێك لەو پیاوە دەچێت کە تۆمەتەکەی دراوەتە پاڵ، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی ئەگەر کەسێکم بەبێ بەڵگە سزا بدایە ئەو ژنەم سزا دەدا، واتە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەیزانی کە مێردی ئەو ژنە ڕاستی کردووە بەڵام هیچی پێنەکراوە بەرامبەر شەریعەتی خوا کە شتەکەی بەو شێوەیە بڕاندۆتەوە .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو تەنانەت کاتێك سێ نەفەر لە هاوەڵانی بە فیتی سەرگەورەی دووڕووەکان عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی تۆمەتیان بۆ دایکي باوەڕداران عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) هەڵبەست پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ماوەی یەك مانگ نیگای بۆ نەهاتە خوارەوە، لەو ماوەیەدا هیچ ئیجرائاتێکی نەکرد نەلە گەڵ ئەوانەی تۆمەتەکەیان هەڵبەستبوو وەنە لەگەڵا ئەوانەی تۆمەتەکەیان درابووە پاڵا

كە عائیشەو صەفوانی کوڕی موعوتتەلا بوون، وەدوای ئەوەی کە ئایەتەکانی پاکێتی لەسەر عائیشە دابەزی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) جگە لە حەددی بوختان بۆ هەڵبەستن کە هەشتا جەڵدەیە هیچ ئیجرائاتێکی تری لە گەڵادا نەکردن، و دوای ئەوە هەرسێکیان گەڕێنرانەوە پێگەی ڕابردووی خۆیان و لەهیچ مافێکیان بێبەش نەکران .

بەنیسبەت عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییشەوە : سەرەڕای ئەوەی کە قورئان ڕایگەیان کە پشکی سەرەکی هەبووە لە هەڵبەستنی ئەو بوختانەو ئەو لە پشتی پرۆپاگەندەکانەوە بووە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) هیچ ئیجرائێکی لە گەڵدا نەکرد لە بەر ئەوەی بەڵگەیەکی ماددی نەدابوو بە دەستەوەو بەدەمی خۆی لەبەردەم کەسدا نەیدرکاندبوو کە ئەو دووە زینایان کردووە، بەڵکو تەنها دەیوت ژن و پیاوێکی گەنج بەتەنها بۆچ مەبەستێك لەو چۆڵەوانییەدا بەجێ ماون، تەنانەت دوای ئەوەشی کە قورئان بەرپرسیارێتییە گەورەکەی خستە ئەستۆی

هێشتا هەر سزا نەدرا چونکە هیچ بەندێك نییە لە شەریعەتدا لەسەر ئەو جۆرە ڕەفتارە دەسەڵاتدار سزای خەڵکی بدات، ئەوە تەشریعێك بوو بۆ کاربەدەستان کە ئەگەر بەڵگەی ماددییان لەسەر کەسێك نەبوو سزای نەدەن.

لە سەردەمی ئەبوبەکردا (ڕەزای خوای لێبێت) ڕووداوێك شك نابەم سەرپێچی یاسای تێدا کرابێت و ئەبو بەکر لەبەر گەورەیی ئەو کەسە بەرپای نەکردبێت مەگەر مەسەلەی خالیدی کوڕی وەلید کە مالیکی کوڕی نوەیرەی بەهەڵە کوشتبوو ئەویش لەبەر ئەوەی شتەکە شوبهەی تێدا بوو وە لە کاتی شەڕدا بوو ئەبوبەکر ئیجرائاتی لە گەڵ خالیددا نەکرد بەڵکو تەنها خوێنی (دیة) ئەو پیاوەکوژراوەی دا، شایانی باسە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بە موو لێی لانەدەدا.

ئەوەتا فاتیمە داوای بەشە میراتی خۆی کرد لە ئەرزی فەدەك نەیدایێ لەبەر ئەوەی فەرمووی لەپێغەمبەرم بیستووە فەرموویەتی: « ئێمەی پێغەمبەران ماڵا و سامان بە میراتی بەجێ ناهێڵین بەڵکو ئەوەی بە جێی دێڵین دەبەخشرێتەوە» لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی فاتیمە بەوە دڵگران دەبێت و لێی عاجز دەبێت، عاجزی فاتیمەش وەکو خەڵکی تر نییە چونکە عاجزی ئەو مایەی عاجزی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقی لەبەردەستدا بوو گوێی بەو عاجزییە نەداو سبەینێش لە ڕۆژی قیامەتدا لەبەردەم پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دا بەرگری لە خۆی دەکات و ڕایدەگەیەنێ کە ئەو لەبەر پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) دڵی فاتیمەی ئێشاندووەو فەرمانی شەرع لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە وڕاگرتنی شەرع لەپێشترە لە ڕاگرتنی دڵی فاتیمە .

له سەردەمی عومەری کوڕی خەتابیشدا (خوای لێ رازی بێت) چەندین ڕووداو ڕوویدا هەمووی بەڵگەن لەسەر سەروەری شەریعەت لەسەر ئەوەی کە شەرع لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە بە خەلیفەشەوە، یەك لەو شتانە وتووێژی نێوان خەلیفەو تولەیحەی کوڕی ئەسەدە کاتێك عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) پێی دەڵێت من تۆم خۆش ناوێت ( لەبەر ئەوەی دووان لە هاوەڵە نزیکەکانی پێغەمبەری شەهید کردبوو) ئەویش لە خەلیفە دەپرسێت : ئایا ئەوە کاریگەری دەبێت بۆسەر مافەکانم ( لە موچەو داهات و هتد)؟ خەلیفە دەڵێت : نەخێر ، ئەویش دەڵێت : دەهەر خۆشت نەوێم ، ژنان گوێ بەو شتەدەدەن و خەفەتی پێدەخۆن.

له سەردەمی ئەبوبەکردا (خوای لێ ڕزای بێت) عومەر قازی دەبێت، عەلی کێشەیەکی دەبێت لەگەڵا کابرایەکداو دێن بۆلای عومەر ،عومەر بانگی عەلی دەکات بە ئەبولحەسەن، عەلی

دەڵێت نابێ من بەنازناوم بانگ بکەیت و ئەویش بەناوی خۆی، هەردووکمان بەناوی خۆمانەوە بانگ بکە.

لە میسر کوڕەکەی عەمری کوڕی عاسی والی میسر، لەگەڵ قیبتییەکی مەسیحی پێشبڕکێی ئەسپ سواری دەکات قیبتییەکە لێی دەباتەوە، ئەویش توڕە دەبێت و لێی دەدات و دەڵێت : چۆن پێشی من دەدەیتەوە نازانی من کوڕی ڕێزدارانم !. باوکی ئەو کوڕە سکاڵا دەگەیەنێتە لای خەلیفە عومەرلە مەدینە، خەلیفە بێ دواخستن دەنێرێت بەشوێن والی و کوڕەکەیداو بە کابرای قیبتی دەڵێت تۆڵەی خۆتی لێبکەرەوە و بدە لە کوڕی ڕێزداران، بکێشە بەسەر کەچەڵییەکەی باوکیشیدا چونکە ئەگەر بە پشت ئەستووری باوکی نەبوایە ئەم ئەو ستەمەی لێنەدەکردی.

یەکێك لە کوڕەکانی عومەری کوڕی خەتاب بەناوی عەبدوڕەحمان عەرەقی خواردبوو ،عومەر بەدەستی خۆی داری حەددی لێدا.!

لە پێش هەموو کەسێکەوە خەلیفە لێ پێچینەوەی لەگەڵا والییەکان وکەسوکاری خۆیدا دەکرد .

چوار نەفەر شایەتییان لەسەر موغیرەی کوڕی شوعبە دا کە زینای کردووە ( موغیرە ئەو دەمە والی کوفە بوو)، خەلیفە موغیرەی هێنا بۆ ئەوەی سزای بدات بەڵام لە دواییدا یەکێك لە شایەتەکان پاشگەز بووەوەو قسەکانی گۆڕی بە شێوەیەك کەگوایە لەحاڵەتی زینادا نەیبینیوە، بۆیە سێ نەفەرەکە سزادران وموغیرە ڕزگاری بوو ئەگینا بەسزای خۆی دەگەیشت.

کاتێك عوسمانی کوڕی عەفان (خوای لێ ڕازی بێت) بوو بەخەلیفە، یەکەم کاری دادگایی کردنی عوبەیدوڵلای کوڕی عومەر بوو کە لە تۆڵەی باوکی دوو نەفەری لەوانە کوشتبوو کە

شەوی پێش شەهید کردنی عومەر لەگەڵ ئەبو لوئلوئەدا بینرابوون، و ئەو خەنجەرەی خەلیفەی پێ شەهیدکرا لە دەستیان کەوتبووە خوارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی عوبەیدوڵلا لە خۆیەوەو بێ بڕیاری دادگا ئەو دووەی کوشتبوو کە یەکێکیان هورموزانی ئێرانی و ئەوی تریان مەسیحییەك بوو، دادگایی کراو خەلیفە لە ماڵی خۆی خوێنی ئەو دووکەسەی بژارد!.

ئایا ئەمە ئەگەر سەروەری شەریعەت نەبێت لەسەر کوشتنی دوو کەسی گومان لێکراو لەکوشتنی سەرگەورەی موسوڵمانان کوڕی خەلیفە دادگایی دەکرێت لەکاتێکدا کە کوژراوەکان خەڵکانی بیانی بوون وهیچ داکۆکیکەرێکیش نەبوو لەسەریان ؟ وە لەبەر ئەوە نەبوایە کە بەلای موسوڵمانانەوە قورس بوو دوێنێ خەلیفە خۆی کوژراوە وئەمڕۆ کوڕەکەی بکوژرێت دادگا حوکمی کوشتنەوەی کوڕی خەلیفەی دەدا .

هەر لە سەردەمی عوسماندا چەند کەسێك شایەتییان لەسەر یەکێك لە والییەکانی دا کە وەلیدی کوڕی عوقبەی والی کوفە بوو کە گوایە مەشروبی خواردووە ، خەلیفە داری حەددی لێداو لایبرد لەسەر کارەکەی.

لەسەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبو طالب دا (خوای لێ ڕازی بێت) کابرایەکی جوولەکە سکاڵایەکی لای قازی لەسەر خەلیفە تۆمار کرد، خەلیفەو سکاڵاکار هەردوو ئامادەی بەردەم قازی بوون و خەلیفە مەسەلەکەی بردەوە چونکە بەڵگەکانی بەهێزتر بوون، کابرای جوولەکە ئەوەندەی پێکرا شایەتمان بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) بهێنێت چونکە ئەوەی لە خەلیفەی بینی بەڵگە بوو لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەممەد(صلی الله علیه وسلم).

کاتێك کە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو طالب (خوای لێ ڕازی بێت) بریندارکرا جینایەتکارەکەیان گرت وهێنایانە بەر

دەستی، ویستیان بیکوژن، فەرمووی مەیکوژن، ئەگەر نەمردم خۆم دادگایی دەکەم، ئەگەر مردیشم تەنها یەك شمشێر بدەن لەو شوێنەی کە لێی داوم ، لێدانێك بە لێدانێك( ضربة بضربة)

هەڵوێستیشی بەرامبەر خەواریجەکان( لە شوێنێکی تردا باسکراوە)

بەڵگەیەکی ترە لەسەر پابەندی خەلیفە بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە.

خوای گەورە بە گەورەی خۆی و دەسەڵاتی بێ سنووری جارێکی تر سەروەری شەریعەتی ئیسلاممان بۆ بگێڕێتەوە .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته